*Journal of Language Studies.* Vol. 5, No. 2, Winter 2022, Pages (252-271)

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Creative Poetic language in the Era of Rwanga: The Examples Jamal Sharbazheri and Sherko Bekas

**Asst. Prof. Dr. Sherko Hama amin Qadir** *
**University of Halabja- Education College of Sharazoor**
**E.mail: Sherkohamaamin@gmail.com**
**----------------------------------------------------------**
**Inst. Chia Ali Mustafa**
**Raparin University - College of Basic Education**
**E.mail:** Sherkohamaamin@gmail.com

**Keywords:**

- creative language
- Jamal Sharbazheri
- Sherko Vskas

## Article Info

**Article history:**

**Received: 20-2-2022**

**Accepted: 15-3-2022**

**Available online**

## Abstract

This research is entitled (creative poetic language in the era of Rwanga) among the poets Jamal Sharbazheri and Sherko Bekas; the research consists of the introduction and chapters (first and second) with a list of bibliography and conclusion and the most important results obtained.
The first chapter: The first chapter talks about poetry and the language of poetry, and the most important characteristics and scale of poetic production.
The second chapter: This chapter is devoted to the practical aspect of research and analysis of the patterns of poetic texts and the advice of displacement in them at the (morphological, grammatical, and semantic) levels according to the poets 'poetry.
In conclusion, I presented the results gained by the modern study, with a list of sources on which it was depended on.

* **Corresponding Author**: Sherko Hama amin, **E.Mail**: Sherkohamaamin@gmail.com
**Tel**: +9647501111062 , **Affiliation**: University of Halabja -Iraq

# اللغة الشعرية الابداعية في عصرروانكة لدى الشاعرين
# جمال شاربازيرى و شيركو بيكه س

**أ، م. د. شيركو حمه امين قادر–جامعة حلبچه– كلية التربية شهرزور**
**م. چيا علي مصطفى–جامعة رابرين–كلية التربية الأساسية**

| | |
|---|---|
| **الخلاصة :** يحمل هذا البحث عنوان ( اللغة الابداعية الشعرية في عصر روانكة) لدى الشاعرين جمال شاربازيرى و شيركو بيكه س؛ يتكون البحث من المقدمة و الفصلين ( الاول و الثانى ) مع قائمة المصادر و الخاتمة و اهم النتائج التي حصل عليها.<br>الفصل الاول: تطرقت الفصل الاول الي الشعرية و لغة الشعر واهم الخصائس والمقياس لانتاج الشعري.<br>الفصل الثاني: خصصت هذا الفصل لجانب العملي في البحث وتحليل نمازج النصوص الشعرية وانصاح النزوح فيها؛ على المستويات ( الصرفية؛ النحوية؛ الدلالية ) وفق شعر الشاعرين.<br>وفي الختام عرضت الاستنتاجات التي توصلت اليها الدراسة الحديثة مع وضع قائمة المصادر التي اعتمدت عليها. | **الكلمات الدالة:-**<br>–اللغة الإبداعية<br>–جمال شاربازيري<br>شيركو بيكه س<br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>الاستلام: **20_2_2022**<br>القبول: **15_3_2022**<br>التوفر على النت |

**زمانی شیعری ئەدەبی ڕوانگە بە نموونەی شیعری "شێرکۆ بێکەس و جمال شارباژێری"**

زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور
بەشی زمانی کوردی
پ.ی.د. شێرکۆ حەمەئەمین قادر

زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی کوردی
م.یاریدەدەر چیا علی مستفا

پێشەکی

بە سەرنجدان لە شێوازە زمانییەکان دەبینین، زمانی شیعری باڵاترین و لوتکەی شێوازە زمانییەکانە، چونکە زمانی شیعر زمانێکی تەواو ئاڵۆز و لە ئاستێکی بەرزی بەکارهێناندایە. شاعیران بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری داهێنەرانە گوێ بە هیچ پێوەرێکی وەکو کات، شوێن، یاسای ڕێزمانی و ڕێنوسی و یاساکانی واتاسازی و شێوازگەری نادەن. لەلایەکی دیکەوە شاعیران لە دەقە شیعرییەکانییاندا تەنها ئەو وشە فەرهەنگییانە بەکارناهێنن، کە لەسەر زمانی دەوروبەر و کۆمەڵگاکەیاندا هەیە، بەڵکو فەرهەنگی مێژوویی و وشە و زاراوەی زار و تەنانەت زمانەکانی دیکەی جیاواز لە زمانەکەی خۆشییان بەکاردەهێنن. شاعیر بەهۆی ئەو

سەربەستی و ئازاد بەکارهێنانەی شێوازە جیاجیاکانی زمانی خۆیی و زمانی مرۆڤایەتی بەگشتی هەیە، بوە بە کاراکتەرێکی بەدەسەڵات لە ئافراندنی زمانێکی ئەدەبی باڵا. بەم جۆرە دەتوانیین بڵێین زمانی شیعر لە بەرزترین شێوازە زمانییەکانە، لە وردی و ڕەسەنی و داهێنان و هەیبەت (Prestige)ی زمانیدا. ئاخێوەرێکی ئاسایی یان نوسەرێکی دیکە دەتوانێت خاوەنی زمانێکی ڕەسەن بێت، بەڵام توانای داهێنان تەنها لە شاعیراندا هەیە، چونکە ئەو سنور بەزاندنەی لە زمانی شیعریدا هەیە، لە هیچ شێوازێکی دیکەی زماندا نییە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی زمانی داهێنەرانەی شیعری لەسەردەمی ڕوانگەدا لەلای هەردو شاعیر (شێرکۆ بێکەس و جمال شارباژێری)، تا لە ئاستی بەرزی زمانی و وردی و ڕەسەنایەتی زمانە شیعرییەکان وردبینەوە و بزانیین چەندە داهێنانییان تیاداکردوە، بەتایبەتی ئەوە ڕونبێتەوە، کە ئاخۆ داهێنانەکانییان داهێنانی (فەرهەنگی، ڕێزمانی، واتایی، شێوازی، ڕێنوسی، ... هتد)ە.

لێکۆڵینەوەکە دابەشی سەر دو بەشکراوە.

لەبەشی یەکەمدا باس لە شێوازی زمانی و پۆلکردنی زمان، بەپێی شێوازەکان دەکرێت، هەر لەم بەشەدا زمانی ڕەسەن و زمانی داهێنەرانە باسی لێوەدەکرێت.

لە بەشی دوەمدا باس لە زمانی شیعری و جۆر و تایبەتییەکانی دەکرێت. لە تەوەرێکی دیکەدا خەسڵەت و ناسینەوەکانی زمانی ئەدەبی باڵا بەسەدەکرێت. هەروەها شێکردنەوە و لێکدانەوە دەکرێت بۆ ئەو لادان و جیاواز بەکارهێنانەی لە زمانی شیعردا هەیە. هەر لەم بەشەدا کار لەسەر دەقە شیعری شاعیران (شێرکۆ بێکەس و جمال شارباژێری) دەکرێت، وەک نمونەی زمانی شیعری سەردەمی ڕوانگە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام بەدەستهاتوەکان دەخرێنەڕو.

بەشی یەکەم: شیعرییەت و زمانی شیعری

شیعر هونەرێکی بەرزی ئەدەبیە،کە شێوازو زمان وبنەمای تایبەتی خۆی هەیە،بەجۆرێک زمانی شیعری ورووژێنەرەو پەیوەندییەواتاییەکنای نێوان فۆرم و واتا تێکدەدات،لەم بەشەدا،لەو بابەتانە دەکۆڵینەوە.

**١_١ شیعرییەت:**

هونەرێکی ئەدەبی و هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی گوێگر و خوێنەر بۆ لای ئەو دەقانەی ورووژێنەرە، بۆ ڕاکێشانی گوێگر و خوێنەر بۆ بەشداریکردن لە تێگەیشتنێکی بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی دەقێکدا (دەقی شیعری)، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی ئەفرێنراوە.) ( Emily (Kimura: 2015

شیعرییەت، چەمکێکی ئەدەبیە، لە بوارەجیاجیاکانی ئەدەبدا کاردەکات، واتا دەتوانرێت، شیعرییەت لەژانرە ئەدەبییەکانی تردا بەرجەستەبکرێت، ئەم چەمکە، لەکۆنەوە باسکراوە، هەرچەندە بەپێی کات و قوتابخانە ئەدەبییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بەڵام بەگشتی شیعریەت، واتە زانستی شیعرناسی، بەواتایەکی تر ئەو بنەما و پێوەرانەی، کە دەقێکی شیعری بەرهەمدینێت، بەم پێیە شاعیر سەرپشک نیە، بەڵکو دەکەوێتە ژێر حوکمی ئەوبنەمایانەوە، کە دەقێکی شیعری دەخوڵقێنن، بۆ نمونە ئەرستۆ یەکەم کەس بوە، لە ڕەخنەی کۆندا باسی شیعرییەتی کردوە، بەمجۆرە:

ئەو زمانەی شاعیران و نوسەران، بۆ بەرهەمهێنانی دەق بەکاریدێنن، دەبێت خاوەنی سیماو تایبەتی خۆی بێت، ئەو جیاوازی و تایبەتییانە دەقێکی شیعری دەخوڵقێنن. (ئەرستۆ: ٢٠٠٤: ١٥)

هەروەک چۆن هەمو زانستێک و بوارێک، بەردەوام لەبەرەوپێشچون و گۆڕانکاریدایە، بەم شێوەیە چەمکی شیعرییەتیش هەروا گۆڕانی بەسەرداهاتوە ولە ڕەخنەی نوێی ئەورووپی وئێستادا، لەچێوەی بنەماکانی بەرهەمهێنانی دەقی شیعریدا، وەک پێوانەی شیعری بەکاردێت.

لەم بارەوە (جان کۆهێن) شیعرییەت، بەزانستی شێوازی شیعرییەوە گرێدەدات، چونکە ئاشکرایە ئەو زمانەی شاعیر بەکاریدێنێت و پێی دەنوسێت، جیاوازە، لەزمانی ڕۆژانە وبەکارهێنانی گشتی، بەڵکو زمانەکە داهێنەرانەیە، بۆیە لای جان کۆهین: شیعرییەت زانستی شێوازی شیعرە (سافیە،هێرۆ:٢٠١٩: ٤)لادان، بە پلەی یەکەم و بنەماکانی دی، وەک وێنە و خواستن ئەوانەن، کە جان کۆهین جەختیان، لەسەردەکاتەوە. (سافیە،هێرۆ: ٢٠١٩: ٤)

بەم پێیە زمان سەرچاوەی داهێنان و ناسینەوە و جیاکردنەوەی شاعیرە، کە لادان سەرچاوەی سەرەکی دروستبونی ئەو زمانەیە.

## 1_٢: زمانی شیعر

زمان هۆکاری پەیوەندی و لەیەک گەیشتن و گەیاندنی پەیامە، ئەم پێناسەیە بەتەواوی ڕوانگەیەکی ئەرکی و کۆمەڵایەتی زمانە، واتە زمان، لەبەکارهێنان و چێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا، جا ئەم کردەی لەیەکگەیشتن و گەیاندنی پەیامە، لەنێوان دو کەس، وەک لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەبینرێت، یان لەنێوان کەسێک و کۆمەڵێکدا، وەک لەوانە وتنەوە و وتاری ئاینی و سیاسیدا دەبینرێت یان بەپێچەوانەوە، قسەکەر یان نوسەرو شاعیر دیارە بەڵام وەرگری پەیام نادیارە، وەک لە شیعر و پەیامی ڤیدۆیی و ڕیکلامدا دەبینرێت، بۆیە دەقی شیعری، ئەگەر خاوەنی زمان و وێنە و ئایدیای تایبەت، بە خۆی نەبو، ناتوانێت، پەیوەندی بەخوێنەرەوە دروست بکات. (ئارام: 2017: 8)هەربۆیە ئەم شێوازەی زمان، دەبێت، لەکۆی بەکارهێنانەکانی تری زمان کاریگەرتروجیاوازتر بێت.

هەربۆیە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی زانستی و ژانرەکانی تری ئەدەب زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو جیاواز و ئاڵۆزە و کات و شوێن و ڕێزمان و یاساکانی زمان و واتاسازی جڵەوی ناکەن، بەجۆرێک شاعیر ماف بەخۆی دەدات، کۆی کەرەستەی زمانەکانی دیش، بەمولکی خۆی بزانێت و سودیان لێ وەربگرێت، هەر ئەم ئازادییەی شاعیر، لە بەکارهێنانی زماندا، وادەکات زمانی شیعر، لە بەهێزی و داهێناندا لوتکەی شێوازەکان بێت، بەجۆرێک ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمان بێت. (محمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤٠١) زمانی ئەدەبی و بەتایبەتیش زمانی شیعر جیاوازییەکی لەگەڵ زمانی ستاندارددا لەوەدایە، کە یاساڕێزمانییەکان تێکدەشکێنن. ئەم تێکشکاندنەی یاسا ڕێزمانییەکان لە زمان کەم ناکاتەوە، بەڵکو خزمەت بە زمانەکە دەکات و ئاستی جوان ناسی و توانای شیعریەتی دەداتێ.
جاکۆبسن بەم شێوازە زمانییە، دەڵێت هاوڕێک (parallelism) واتە هاوشانی زمانی ستاندارد، ئەویش لەبەر بەرزی ئاستەکەی و ئەو سیما جیاکەرەوەیەی، کە کردویەکی بە زمانێکی شیعری ئاست بەرز. (Kirsten Malmkjær: 1995: 594)

### ١- ٣: خەسڵەتەکانی زمانی شیعری

وەک، لەسەرەوە خستمانەڕو زمانی شیعر باڵاترین و وردترین شێوازی زمانە، کە شاعیر بەکاری دێنێت، بۆیە دەبێت، خاوەنی چەند خەسڵەتێک بێت:

١_ پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، زمانی شیعرئاڵۆزە و کات و شوێن جڵەوی ناکەن.

٢_ زمانی شیعر پابەندی یاساکانی واتا و نوسین و ڕێزمان نابێت، بۆیە دەتوانیین بڵێین، ئەگەر ڕێزمـان دروسـتکەری زمـان بێـت، ئەوا شـیعر ئەو تەلارە بنیـاتنراوە تێکـدەدات، بەم لادانە بەئاگاییەی شاعیر دەوترێت، توانای داهێنان، کە لەهەڵەی زمانی جیاوازترە، بۆنمونە:

لە پێچی تەنگی کۆلانا
کاتێک دو قومی خێرام
ئەدا لە ترشیاتی ناوجام
( شێرکۆ بێکەس: بەرگی ١: ٤٣٨)

ئەگەر سـەیری ئەم نمـونەیە بکەیـن، دەبینـین یاسـایەکی گرنگـی ڕێزمـانی کـوردی پشـتگوێ خستوە، کە ڕیزبونی کەرەستەی ڕستەیە، بەشێوەی:
بکەر + بەرکار + کار
بەڵام شاعیر گۆڕیویەتی، بە:
کار + بەرکار + بکەر
ئەدا+ ترشیات + ئاوەڵکار + بکەر (م)
ئەگەر ڕستەی ئاسایی بوایە و پەیڕەوەی ڕێزمـان و ڕیزبـونی کەرەستەی بکردایە، بەم جۆرە دەبو:
من دوقومی خێرام لە ترشیاتی ناو جام ئەدا.
بەڵام شاعیر کـارەکەی هێنـاوەتە سـەرەتاوە، کە لەزمـانی کوردیدا و لەئاخـاوتنی ڕۆژانەدا هیچ کات ڕستە بەکار دەست پێ ناکات، بەڵام ئەمە لە شیعردا ئاساییە.
٣_ زمـانی شـیعری پەیوەسـت نابێـت، بە خاڵبەنـدی و نوسـینی تەواوی وشـە و گرێکـانەوە، پێچەوانەی زمانی نوسین، ئەم هەوڵی کرتاندن و کورتکردنەوەی فۆنیمەکان دەدات، کە ئەمەش سروشتی شیعر و کێش و سەروا، بەسەریدا دەسەپێنێت.
ئەمرۆ دارخورمایەک وتی:

با بیابان جێ نیشتەم بێ
کە خۆشەویستی رەگی خۆی
بەئازارا شۆرکردەوە
گەیاندیە ئاو
باڵندەش پەیدا ئەبێ و بۆم ئەخوێنێ
((با)) خۆی دێت و ئەمدوێنێ
( دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی ٣: ل٩٧

دێری دوەم فۆنیمی (ت) لە کاری جێ نیشتەم بێت کرتاوە:
جێ نیشتەم بێت _ جێ نیشتەم بێ
دێری سێیەم پێویستە پێش ئامرازی گەیاندنی (کە) فاریزە هەبێت، نیە.
دێرەکـانی شەشـەم و حەوتەم دیسـان لەهەردو کـارەکەدا فـۆنیمی (ت) کرتـاوە، بـۆ سـەروای شیعرەکە:

بۆم ئەخوێنێت - بۆم ئەخوێنێ
ئەمدوێنێت _ ئەمدوێنێ

خـاڵێکی تـر، لەدێڕەکـانی شەشـەم و حەوتەم، لەبـری مـۆرفێمی (دە) لە هەردو کـاری (بـۆم ئەخوێنێ و ئەمدوێنێ)دا، گۆڕاوە، بە (ئە)، کە لەزمانی نوسینی ئێستادا (دە) بەکاردێت، بەڵام گۆڕینی بە (ئە) شێوازێکی پەسەندتری بە شیعرەکە داوە و زمانی شیعری بەرهەمهێناوە.

**١- ٤: زمانی ڕەسەن**

بە باوەڕی چۆمسکی، نەک هەر زمانی شیعر ڕەسەنە، بەڵکو هەمو زمانە مرۆڤییەکان، ڕەسەنن، لەوەدا، کە :

١_ زمانی مرۆڤ، بەژمارەیەکی کەم ودیاریکراو، لە فۆنیم کەرەستەیەکی لەبن نەهاتو، لە وشە و ڕستە بەرهەمدێنن، کە بەهۆیانەوە مرۆڤ بیرەکانی دەردەبڕێت و پەیوەندی بەدەوروبەری خۆیەوە دەکات.

٢_سنور، بۆ ژمارەی دەنگ (فۆنیم) و تاڕادەیەکیش وشە دادەنرێت، بەڵام سنور بۆ ژمارەی ڕستە و درێژکردنەوەیان، لە زمانەکاندا دانانرێت، بۆ نمونە بەپێی زانیارییەکان ژمارەی فۆنێمەکانی زمانە مرۆڤییەکان بەتێکرایی، لەنێوان (٣٠_٧٠) فۆنێمدان، مرۆڤ تاڕادەیەک دەتوانێت ژمارەی وشەکانی زمانێکیش دیاری بکات، وەک لەهەندێک فەرهەنگدا دەبینرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕێزمانی زمان ناتوانێت ژمارە و درێژی ڕستەی زمانە مرۆڤییەکان دیاری بکات، ئەوەی ئەم ژمارەیە دیاری دەکات و سنور، بۆ ڕستە دەکێشێت، هۆکاری نازمانیین، وەک ماندوبون، فەسلەجی و دەرونی، هەناسەبڕان، توانای قسەکەر و گوێگر، بۆنمونە:

( دیاکۆ و ئارام ودیلان و ............ بۆ زانکۆ چون)

دەتوانرێت، کۆتایی پێ نەهێنریت، تا قسەکەر و گوێگر تەواو ماندو دەبن، بەڵام ئەمەش نابێت، پێویستە، لەخاڵێکدا دوایی پێ بهێنرێت، بۆ ئەوەی کردەی لەیەک گەیشتن ڕوبدات.

٣_ هەر ڕستەیەک، کە دەوترێت یان ئاخێوەر لەدەمی دێتەدەرەوە نوێیە، بەواتا یەکەم جارێتی و نەگوتراوە، جگە هەندێک ڕستەی وەک (چۆنی؟ چاکی؟ ڕۆژباش ....) بەڵام ئەمە ژمارەیان زۆرکەمە و بێ سنورنین، بەم جۆرە دەتوانرێت، بوترێت، هەر ڕستەیەک، لەدەم دێتەدەرەوە و نوێیە و پێشتر دەرنەبڕدراوە.

٤_ ڕستە هەرچەندە نوێش بیت، وەرگر یان قسەکەر توانای تێگەیشتنی هەیە، بەمەرجێک بەزمانی دایک بێت، هەرچەندە ڕستەکە یان دەربڕینەکە، لەڕوی لۆژیکیشەوە نەگونجێت و واتای نائاسایی بێت و بۆ بارێک بشێت، کە لەئارادانەبێت، بۆ نمونە هەمو کوردی زمانێک، لەم ڕستانە دەگات، هەرچەندە، لەڕوی واتاوە نائاساییین:

١_

ا_ ئەمڕۆ مناڵیکی سێ سەر لەدایکبو.

ب_ ورچەکە بەدیوارەکەدا هەڵزنا.

ج_ مێشولە دایکمی خوارد.

پ_ پیاوەکان دەفڕن.

ت_ ژنەکە بەرازێکی بو.

پیویستە ئەو ڕاستییە بزانیین، لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەم ڕستانە و هاوشێوەکانییان ئاسان نیە و ئەرکێکی زیاتر دەخاتە ئەستۆی گوێگر یان خوێنەر، سەرەتا ڕەتیان دەکاتەوە، بەڵام دواتر، کە دەزانێت، قسەکەر سورە، لەسەر ڕستەکانی، ئەمجارە، لەدوای دەوروبەری گونجاو دەگەڕێت بۆیان، تا لە واتا و مەبەستەکانییان دەگات، بۆنمونە هەمو ئەو ڕستانە، لەدنیای منداڵ و فیلمی کارتۆن و خەیاڵاویدا دەشێت ببن، هەرچەندە، لە دەرەوەی ئەو بارانە نائاساییین.

ئەم دۆخەی بەسەر خوێنەری ئەم ڕستانەدادێت، هەمان دۆخ بەسەر خوێنەری شیعریشدا دێت، سەرەتا ڕەتی دەکاتەوە و دواتر بەدوای واتاکاندا دەگەڕێت و لە مەبەست و واتای شیعرەکە تێ دەگات، بۆنمونە:

٢_ سێ چاو

چاوی ڕوبار...
بەبرژانگی بی وسورە چنار
لەگەڵ ئاسۆی زەردەخەنەی...

شنەی بەیانا... تروکا
( جمال شارباژێر:٢٢: ١٩٧)

**ڕەسەنایەتی و داهێنان، لەزمانی شیعریدا:**

کەواتە بەپێی ئەم بۆچونەی چۆمسکی، کە رونکرایەوە، هەموبەکارهێنانێکی زمانی مرۆڤ ڕەسانایەتی تیدایە، لەوەدا، کە هەرزمانێک خاوەنی کەرەستەیەکی زۆر و بێ کۆتاییە، لە ڕستە و کەرەستەی زمانی دەرنەبراو، فەرهەنگی زمانیش چەند دەوڵەمەندبێت، هێشتا سەرجەم وشەکانی زمانەکە ناگرێتەخۆی، ئەگەر ئەم بیرانە راستبن، کەواتە ئیمەی کورد هەمو ئەو کوردیەی، لە دایکەوە وەرمانگرتوە، بەکوردییەکی (ڕەسەن) دادەنرێت، چونکە سەرجەم رستەکانی، کە دەریان دەبڕین نوێن و هەمو مرۆڤێکیش دەتوانێت بەم جۆرەبێت، لەبەرئەوەی دەتوانێت یاساکانی زمانەکەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەکاربێنێت.

ڕەسەنایەتی هەر لەوەوەنایەت یاساکانی زمانەکەت بەشێوەیەکی رێکوپێک جێەجێ بکەیت، زۆر جار لەبەزاندنی یاساکانی زمانەکەوە دروست دەبێت، کە گونجاوترە ئەم جۆرەیان، بەداهێنان دابنیین، چونکە لەشیعردا دەبینرێت.

ئەو ڕاستییەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی توانای ڕەسەنایەتی هەبێت، کە لەجێبەجێکردنی یاساکانی زمانەکەوە بوەتە خاوەنی، ئەوا شاعیر خاوەنی دو توانای ڕەسەنایەتی و داهێنانە، لەبەرئەوەی زمان کردەیەکی ناوکۆمەڵە، کەواتە ڕەسەنایەتی دیسان توانایەکی تاک و کۆ یان هاوبەشە، بەڵام داهێان توانایەکی خودیە، کە لەزمانی شیعر و هەندێ شێوازی تردا دەبینرێت.

ئەمە دەمان گەیەنێتە، ئەو ڕاستییەی، کە ڕەسەنایەتی و داهێنان پەیوەندییەکی پتەویان پیکەوە هەیە، بەجۆرێک بونی یەکەم پێش مەرجی بونی دوەمە، ئەگەرشاعیر شارەزایی، لە یاساکانی زمانەکەیدا نەبێت، توانای بەزاندن و داهێنانیشی نابێت.

جیاکردنەوەی ڕەسەنایەتی و داهێنان، لەیەکتری هاوکات پەیوەندی نیوانیان دەردەخات، بەجۆرێک ڕەسەنایەتی میراتی بەردەستی شاعیرە و سەرچاوەیەکی، لەبن نەهاتوە، کە شاعیر، بۆ داهێنان بەکاری دێنێت، چونکە هەمو شۆڕش و داهێنانێک، هەردەبێت، گەڕانەوەبێت، بۆ زمانی هاوبەش، وەک ئەوەی، لەبزوتنەوەی ئەدەبی ڕوانگەدا ئەنجامدرا، واتە هەمو داهێنانێک، لەڕەسەنایەتییەوە دێت.

لێرەدا دەبێت، تێبینی ئەوەش بکەین، لەوانەیە داهێنان زۆر جار، لەگەڵ ناوازەیی تێکەڵ بێت، چونکە هەردوکیان بەناویەکتردا دەچن و لەیەکتری جیاناکرێنەوە، واتە جۆرەکانی لادان و داهێنان، لەگەڵ هەڵەی زمانی، لەئاستەکانی ( فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی و واتایی .....) یەکسان بوەستێت، بەڵام هێڵێکی جیاکەرەوەی بارێک ئەم دوانە، لەیەکتری جیادەکاتەوە، بەجۆرێک داهێان و جۆرەکانی لادان شاعیر بەئاگایی دەیکات و مەبەستی، لەپشتەوەیە و لەژێر دەسەڵاتی شاعیردایە، بەڵام هەڵەی زمانی لەبێ ئاگایی و هەڵەشەییەوە ڕودەدات، بەجۆرێک بەزاندنی یاساکانی زمان، بەمەبەستی داهێنان بە ئەرێنی (ئیجابی) دەکەوێتەوە، بەپێچەوانەوە هەڵەی زمانی بە نەرێنی (سلبی) دەکەوێتەوە، جیاکردنەوەیان پەیوەندی بەجۆری بەکارهێان و کەڵک لێوەرگرتنەوە هەیە.

**پلەکانی لادان:**

زمان کۆمەڵە یاسایەکە، دەتوانرێت پەیڕەوبکرێن یان ببەزێنرێن و کاریان پێ نەکرێت، بەڵام لادان وبەزاندن، بەڕەهایی کێشە دروست دەکات، بۆیە دەبێت، سنوری بۆ دابنرێت بۆ ئەم مەبەستەش بگەرێینەوە، بۆ تێۆری (زانیاری). لەم بۆچونەدا (زانیاری) بریتیە، لەو سەنگەی،

که هەڵبژاردەیەکی زمانی، لەکردەی گەیاندندا، هەیەتی، بێ گوێدانە واتاکەی، بڕی زانیاریش پەیوەندی بەشوێنی کەرەستە زمانییەکەوە هەیە، واتە بەپێشبینی هاتن یان نەهاتنی ئەو کەرەستە زمانییە، لەوشوێنەدا، هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی، لە قسەکردنی ئاساییدا پلەی بە تەمابون بەرزە، چونکە پێشبینی هاتنی ئەو کەرەستانە، لەو شوێنەدا دەکرێت، لەبەرئەوەی بڕی زانیاری کەمییان تێدایە.
بەراوردی نامەیەکی بازرگانی و پارچە شیعرێک ئەم ڕاستییەمان بۆدەردەخات، بەوەی نامە بازرگانییەکە تەنیا بەخوێندنەوەیەکی خێرا بڕی زانیارییەکان وەردەگرین و لە ناوەڕۆکەکەی دەگەین، بەڵام شیعرەکە، بەپێچەوانەوە، دەبێت بەوردی و چەند جارێک بخوینرێتەوە، تا لەواتا و مەبەستەکەی دەگەیت، چونکە بڕی زانیاری دراو، لە کەرەستە زمانییەکاندا بەرزە و ئەو کەرەستانەشی، بۆ گەیاندنی ئەو واتایە هەڵبژێردراون پێسبینی نەکراون.
لادانی ڕاست، لەیاساکانی زمان، پەیوەندی بەلایەنێکی هەڵبژاردنەوە هەیە، کە تێۆری زانیاری جێگەی بۆ ناکاتەوە، بەپێوانەی زمان، دەبێت، هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان ڕێگەپیدراوبن، بەپێچەوانەوە، ڕادەی پیشبینی کردنییان سفر دەبێت. بەواتایەکی تر هاتنی ئەو کەرەستە زمانییە، لەو شوێنەدا مەحاڵ دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە خودی لادان و بەزاندنی یاساکانی زمان دەبێتە هەڵبژاردن، بەسەیری ئەم نمونانەی خوارەوەبکەین، هەڵبژاردنی ئاسایی (پێشبینیکراو) لەگەڵ هەڵبژاردنی (نائاسایی) پێشبینی نەکراو بەراوردبکەین.
هەڵبژاردنی ئاسایی ( پێسبینیکراو )

ا_ چەند کورسیەکی
دار
ئاسن
نایلۆن
لەناوەندیا مێزێکی خڕ

ب_ هەڵبژاردنی نائاسایی ( پێشبینی نەکراو )
چەند کورسیەکی
شپرزەو
لەناوەندیا مێزیکی خڕ
(شێرکۆبێکەس: ئەسپێک، لەپەڕەی گوڵاله:١ :٢٠١٢ ٩٨)

لەم نمونەیدا شاعیر لەو هەڵبژاردنە ئاساییە دەرچوە، کە زمانی کوردی ڕێگەی دەدات و کوردی زمان پێیڕاهاتوە و چاوەڕێی دەکات، کە لە خاڵی ا دا هەندێکیمان دیاریکردوە، شاعیر هاتوە، کەرەستەیەکی پێشبینی نەکراوی نائاسایی هەڵبژاردوە، ئاوەڵناوی (شپرزە) بۆ ئەو ناوانە دەبێت، کە مرۆڤ یان زیندون.
واتە هەر ناوێک. لە دیارخراوی ئاوەڵناوی چۆنیەتی (شپرزە) بێت، پێویستە خاوەنی سیمای واتایی:
+ مرۆڤ
+ زیندو
بەڵام شێرکۆ بێکەس ئەم دو سیمایەی بەزاندوە و ئاوەڵناوەکەی، لەگەڵ ناوێکدا بەکارهێناوە، خاوەنی سیمای واتایی:
_ مرۆڤ
_ زیندو

پلەکانی بەزاندن ولادان جیاوازن و ئەگەر سیمایەکی واتایی بەزێنرابێت، جیاوازترە لەوەی دو یان سێ سیمای بەزاندبێت، بۆنمونە هیچ پلەیەکی گونجان، لەنێوان (بکەر و کار، یان کار و بەرکار)دا نەبێت، وەک:

من ئەترسم
(با)یەکی وایان کڕیبێ و
کردبێتیان بەجاسوس و
(با) ی جاسوسیش نێوەشەوێ
هەربەناودرزی درگادا
بەئاسانی بێتە ژورێ و

.......... (شیرکۆبێکەس:گۆڕستانی چراکان:١٢٦:٢٠٠٤)

لێرەدا، شاعیر، لەدێری دوەمدا سیماکانی نێوان (بەرکار و کار)ی بەزاندوە، چونکە کاری (کڕی) بەرکارێکی دەوێت. خاوەنی ئەم سیمایانەبێت:

+ بەرجەستە
+ نرخ
+ پێداویستی رۆژانە

بەڵام (با) خاوەنی هێچ یەکێک، لەوسیمایانە نیە، لە دێری سێیەمدا (ئاوەڵناوی) جاسوس دراوەتەپاڵ (با) کە ناگونجێت و دیسان بەزاندنە، چونکە ئەو ئاوەڵناوە پێویستە بدرێتە پاڵ ناوێک، کە مرۆڤ بێت، واتە (+مرۆڤ) بەڵام (با) _مرۆڤ، _زیندوە، هەر لەو شیعرەدا سیفەتی جاسوس کاری کەسیکە، کە قسە بێنێت و بەرێت، (با) ناتوانێت، بکەری کاری لەم چەشنە بێت، ئەمەش بەزاندنە.

پێوسیتە ئەوە بوترێت، ئەم بەزاندن ولادان و پشتگوێخستنی یاسا زمانییانە، تا ئەندازەیەکە و هێزێک، لە شوێنێکدا سنوری، بۆ دادەنێت، ئەو هێزەش خوێنەر یان وەرگرە، واتە شاعیر، وەک شۆڕشگێڕێک بەردەوام هەوڵی گۆڕانکاری و نوێخوازی و هوڵی لادانی یاسا زمانییەکان دەدات، لەبەرانبەریشدا وەرگر یان خوێنەر، بەرهەڵستی دەکات و دەیەوێت، دۆخی وەستاو بەردەوام بیت، وەک یاسای گشتی ژیان، کە هەمو گۆڕین و نوێخوازییەک ڕوبەڕوی هێزیکی بەرهەڵستکاری مانەوەی دۆخەکە وەک دەبێتەوە، چونکە ئەم گۆرانکاری و لادانانە بارێکی قورس و ماندوبونی زیاتر دەخاتە سەرشانی گوێگر یان خوێنەر، تا لە دەقەکان تێ دەگات.

بۆیە شاعیر بەدوای بارێکی وادادەگەڕێت، کە هاوسەنگی بدۆزێتەوە و لەلایەکەوە هەستی خۆی دەربڕیت و هەمانکاتیش وەرگریان خوێنەر پەیامەکە وەربگرێت و لەواتای شیعرەکە بگات.

بەوردبونەوە، لە زمانی شیعری، بۆمان دەردەکەوێت، بەپێی قۆناغ و سەردەم وکات گۆرانکاری بەسەردا هاتوە و بەزاندن و لادان و پشتگوێخستنی یاسا زمانییەکان و ئاستە زمانییەکانی لادان گۆرانی بەسەردا هاتوە، واتە سەردەم ڕۆڵی، لەم بوارەدا یەکلایی کەرەوەیە، بۆ نمونە، قۆناغی کلاسیک لادان، لە ئاستی سینتاکس و فۆنۆلۆژیدا بوە، وەک:

لە دەروێش و لەشا ئەم فاحیشە دەکا حاشا
ئەگەر ئەهلی غیرەتی، بەرلەو لەخۆی ولەئەهلی حاسابێ
( مەحوی: ١٩٧٧)

بەڵام لەقۆناغی شیعری نوێ و هاوچەرخدا، لادان هەمو ئاستەکانی زمانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی ئاستی واتا پانتاییەکی فروانی داگیرکردوە، لەبەشی دوەمدا بەنمونەی شیعری شیرکۆ بێکەس و جمال شارباژێری زمانی شیعری و ئاستی لادانەکانی قۆناغی ڕوانگە دەخەینەڕو و شیان دەکەینەوە.

بەشی دوەم: جۆرەکانی لادان

سـەرەتا:بەشـی یەکەمـی توێژینەوەکە،رخـان بو،شـیعرییەت وزمـانی شـیعری قۆنـاغی ڕوانگە،ڕونمانکردوە،چۆن زمانی شیعری دروست دەبێت،کە لادان وبەزاندی یاساکانی زمان سەرچاوەکەیەتی،بۆیە

لەم بەشەدا، جۆرەکانی لادان و بەزاندنی یاسا زمانییەکان، بەنمونەی شیعرییەوە، لای هەردو شاعیر (شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێری) دەخەینەڕو.

**٢- ١: لادانی وشەیی**

بەکارهێنانی وشە و واتای تازەیە، کە پێشتر ئاخێوەرانی زمانەکە نەیانبیستوە. (داهێنانی وشە و واتـای تـازە یەکێـک لە ڕێگـا بەرچاوەکـان کە شـاعیر داخەتە سـەرو ڕێگـا سروشـتییەکانی پێشکەوتن و دوڵەمەندکردنی زمان.) (Nofal, 2011, 47)

لادانی وشەیی، لەشیعری نوێدا، بەدو شێوە دەبینرێت، یەکێکیان بریتیە، لە لادان و بەزاندنی یاسـاکانی مۆرفۆلـۆژی زمـانەکە، بـۆ نمـونە، لە زمـانی کوردیـدا، پاشـگری (بـاز) وا چاوەڕواندەکرێت و بەگشتی، لەگەل ئەم بنکانەدا بەکارهاتوە:

کۆترباز، جامباز، .......

بەڵام (قوبادی جەلی زادە) لەم بەکارهێنانە باوەی زمانی کوردی دەرچوە و ئەم یاسایەی بەزاندوە و بەمجۆرە بەکاری هێناوە:

......،تەرمی
سەربازە ژن بازەکان
دەستگیران بازەکان
دۆست بازەکان
هەتیو بازەکان
ئاژەڵ بازەکان
(قوبادی جەلی زادە: ١٩٨)

لێرەدا شاعیر گیرەکی (باز)ی بەهەندێ وشە ئاشناکردوە، کە بەکارهێنانیان، لەزمـانی کوردیدا نـوێیە و لەو یاسـایە دەرچـوە، کە (بـاز) لەگەڵ هەر وشـەیەکدا کـۆبێتەوە، بەواتـای خـراپ بەکاردێت.

یان شێرکۆ بێکەس گیرەکـی (_وان) بەجۆرێـک بەکارهێنـاوە، لە بەکارهێنـانێکی بـاوی زمـانی کـوردی لایـداوە و یاسـایەکی مۆرفۆلـۆژی بەزانـدوە و سـنوری بەکارهێنـانی گیـرەکەکەی فراوانکردوە، کە زیاتر، لەگەڵ ناوی پیشەی توانا و کارامەییدا بەکاردێت، وەک:

(مەلەوان، شاخەوان، ڕۆژنـامەوان .....) بەڵام شێرکۆ بێکەس، لەگەڵ بنکەی (بت) بەکاری هێناوە، کە نوێیە و یەکەمجارە، بەم جۆرە، لەزمانی کوردیدا بەکاربێت، وەک ئەم نمونەیە:

... هەتاکو بت تا بتەوان
گیانی سپی فریشتەکان قەڵاچۆکەن
تا لەدەوری دۆزەخەکەی پیرە شەیتان
بەزم خۆش کەن.
(ڕوانگە: ١٩٧١: ١٤٥)

لەڕاستیدا ئەم بەکارهێنـانەی وشـەی بتەوان، لای شـێرکۆ بـێکەس دوجـار بەزانـدن و لادانـی تێدایە، یەکەمیـان لادانـی وشـەیی، کە تـایبەتە بەزمـان، دوەمیـان لادانـی کلتـوری، چـونکە لە کۆمەڵی کوردی و کلتورەکەیدا و لە مێژوی کوردا بتپەرستی نەبوە.

**لادانی وشەیی، لە شیعری جمال شارباژێریشدا، هەیە، وەک:**

جاتۆ بڵێ ی زانیبێتی
ئەو نامانەی کە نوسیومن!
ئەو گوڵ وشانەی چنیومن
................

گوڵ وشە، لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، وشەیەکی لێکدراوە، لە دو بناغە پێک هاتوە، بەڵام ئەو لادانەی شاعیر، لەبری بەکارهێنانە باوەکەی زمانی کوردی، کە بریتیە، لە دو بناغەی، وەک (گوڵ بەدەم، گوڵ بەهار، ...) کە زیاتر، لە جیهانی مادی دەوروبەرماندا بەکاردێن و بەریەکێک، لەهەستەکانمان دەکەون، گواستویەتییەوە، بۆ ناو بوارێکی تر، کە پێچەوانەی بەکارهێنانە باوەکەیە، ئەویش بواری نوسینە، بەمەش لادانی وشەیی، لە وشەی لێکدراوی (گوڵ وشە)ی بەرهەمهێناوە.
یان:

بەڵام باوکی ڕێی نەداوە
وتویەتی ....
خوێندن خانە... دواخراوە!
هەتاوەکو بخەڵەتێ و نەیاتەوە
( جمال شارباژێری:١٨٤:١٩٩٨)

شاعیر گیرەکی وشەداڕێژی (_خانە)ی پاشگری شوێنی، بە بنکەیەک ئاشناکردوە، کە لادانە، لە بەکارهێنانی باوی زمانی کوردی، چونکە ئەم پاشگرە، بەگشتی لەگەڵ وشەکانی (چاخانە، قومارخانە، کتێبخانە.....) بەکاردێت، بنکەی خوێندن گیرەکەکانی (_گا و _گە)ی لەگەڵ بەکاردێت، وەک خوێندنگا و خوێندنگە، بەلام خوێندن خانە و بەو ڕێنوسە، لادانی وشەیی بەرهەمهێناوە.

جۆری دوەمی لادانی واتایی، کە لادان و یاسابەزاندنی وشەیی تەواوە (لە وشەی نوێباودا بەدی دەکرێت، ئەو وشانەی کە لەکاتی پێویستدا و لەپڕ دێتە سەردەم و بەکەڵکی ئەو ساتەدێن) ( محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤١١)

بەوردبونەوە، لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەیان نمونەی لەم جۆرە دەدۆزینەوە، کە هەمویان وشەی نوێ باون، بۆنمونە:
ساڵاو (پێچەوانەی وشکەساڵ) ساویلکە (جۆریک، لەگیا) سەقەم ( تۆف و کڕێوە) بەگیلە (هەیوا) بەلوزە (بەلێشاو) ئالۆز (خەم) پژوپۆ (لق و پۆ) شۆڕابە (لقی شۆڕ) ساواق (سەرماو سۆڵە) بازربون (ئاوابون) بەستۆک (داوێن پیس) بەقەم (ڕەنگی کاڵەبو) ساکۆ (چیای ڕوتەن) .........
یان:
بەندی یەکەم:

(بەتوندی لە دیواری مابێن ئەدات)
نەکەن .... نەکەن
(شێرکۆبێکەس: ١٩٧١: ١٤٣)

بەکارهێنانی وشەی مابێن، لەبری (نێوان) لادانی نوێباوە و بەکارهێانی وشەی نوێیە، یان لە شوێنێکی تر، لە بریماندو(کەنفت) بەکاردێنێت:

وا ئەخنکێ
کەشتی بیرم..لەناو مێشکێکی کەنەفتا
وردە وردە بەرەو بنی، .....
( سەرچاوەی پێشو:ل ١٤٠ )

شــاعیر، لەبــری وشــەی مانــدو ( کەنەفتــی ) بەکارهێنــاوە، کە زیــاتر، لەگەڵ نەخۆشــی و پەککەوتنــی جەســتەییدا بەکاردێــت، کاتێــک مرۆڤێــک، لەنــاو جێگــا دەکەوێــت و توانــای هەڵسوکەوتی نامێنێت، بەڵام شیرکۆ بێکەس، لە گەڵ (مێشک) واتە بیرکردنەوەدا بەکاریهێناوە، واتە لە بەکارهێنــانێکی بەرجەســتەوە گۆڕیــوێتی، بــۆ بەکارهێنــانێکی نابەرجەســتە (واتــایی) ئەمەش لادان و بەکارهێنانی وشەی نوێیاوە.

**2- 2: لادانی ڕێزمانی**

هەمو زمانێـک ڕێزمـانی تـایبەتی خۆی هەیە، کە بریتیە، لەیاساکانی ڕیزبونی کەرەستە، لە زمانەکەدا، بۆنمونە زمانی کوردی ڕیزبونی تـایبەتی خۆی هەیە، کە (بکەر+بەرکار+کار)ە. هەر لادانێـک، لەم یاسایەی زمـانی کوردی لادانـی ڕێزمـانی بەرهەمدێنێت، کە زیـاتر ئاسـتی دەرەوەی زمـانەکەیە و کـار، لە نـاوەڕۆک و واتـا ناکـات، واتە لە هەڵەی ڕێزمـانی دەچێـت. (محەمەدمەعروف: ٢٠١٠: ٤١٢)

وەک:

بەدامێنی ڕانی جووتە باسکدا
ڕایەڵ کەم بەنی لاڕێ جارجارە
مارەیان کەم لەیەک چەپکدا
ڕێحانە کێوی و گوڵە جوتیارە
( جمال شارباژێری:١٩٨٥: ١٤)

شــاعیر، لەدێـری سـێیەمدا، لەیاسـایەکی سـەرەکی زمـانی کـوردی لایـداوە، لەبـری بـکەر، لەسەرەتاوە کارەکەی هێناوەتە سەرەتاوە، واتە ئەگەر ڕستەی ئاسایی بوایە:

لە یەک چەپکدا مارەیان بکەم.

شاعیر دەتوانێت لە شعرەکەیدا بە جێگۆڕکێ پێکردنـی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستە، لە یاسا ڕێزمانییەکـان لابـدات و زمـانەکەی خـۆی لە زمـانی پێـوەر جیابکـاتەوە. (کـۆرش سـەفەوی: ٢٠١٨: ٧٣)، بەڵام شاعیر، بەو بەزاندن و لادانە ڕێزمانییەی زمانی شیعری بەرهەمهێناوە.

هەر، لەچێوەی لادانی ڕیزمانیدا، سەرنجی ئەم نمونەیەی شێرکۆ بێکەس دەدەین:

مرد ئاوێستای مێژوی ڕزیو
مرد دەنگی تۆ
کوژایەوە، خۆری پێشو
( شێرکۆبێکەس: ڕوانگە: ٢: ١٤٢:١٠٧١)

شاعیر، لە هەرسێ دێری هۆنراوەکەدا، بەدوایەکدا، لەیاسایەکی ڕیزبونی کەرەستە، لەزمـانی کوردیدا لای داوە، کە هەر سێ ڕستەکە، بەکار دەستی پیکردوە، ئەمەش پێچەوانەی یاسـای ڕیزبونی کەرەستەیە، لەزمانی کوردیدا، کە سـەرەتای ڕستە، بە بـکەر دەست پێدەکات، واتە، لەبری ئەو ڕستانە، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و نوسیندا، بەم جۆرەیە:

ئاوێستای مێژو مرد
دەنگی تۆ مرد
خۆری پێشو،کوژایەوە

بەڵام بەم جـۆرە، لەشیعر دەردەچێت و دەبێتەوە، بەزمـانی ئاسـایی، بەڵام دوای پەیڕەوکردنـی یاسای لادانی ڕێزمانی دەقێکی شیعری بەرهەمهاتوە.

لادانــی ڕێزمــانی هەر لەســنوری لادانــی سینتاکســیدا ناوەســتێت، بەڵکــو بــۆ وەچەئاســتی مۆرفۆلـۆژیش دەگـرێتەوە و هەنـدێک دیـاردەی مۆرفۆلـۆژی، وەک کرتانـدنی مۆرفێمێـک یـان لابردنی بەتەواوی، لەخۆ دەگرێت، وەک:

ئاخۆ ئێستا خواوەندی دەنگ

بەهرەی شیرین و شۆخ و شەنگ
ئایا، دڵشادە یان دڵ تەنگ!
(جمال شارباژێری:١٩٩٨: ل ١٦٩)

شاعیر، لە دێری دوەمدا مۆرفێمی ڕێزمانی کەسی سێیەمی تاک (_ە) لەکۆتایی بنکەی (تەنگ)دا کرتاندوە، کە پێویستی سەرواى شیعرەکە وای خواستوە.

ئەسپەکەی گولاڵە
دو ڕۆژێ لەمەوبەر
جاربەجاربەنەرمەڕەوتەوە............ (شێرکۆبیکەس:٢٠١٢: ل٢٤١)

شێرکۆ بێکەس، لەدێری دوەمی ئەم نمونەیەدا، لەبری مۆرفێمی ڕێزمانی نەناسراوی (_ێک) بەشێکی مۆرفێمەکەی کرتاندوە و تەنیا (_ێ) بەکارهێناوە، ئەم دیاردەی کرتاندن و بچوککردنەوەی مۆرفێمە، لە شیعردا، لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوە، زۆرجار مرۆڤ، لەکاتی قسەکردنی ڕۆژانەدا، بەمەبەستی خێرایی گەیاندن و دەستگرتنەوە لە وشە و مۆرفێمدا ئەم کرتاندن و کورتکردنەوانە ئەنجام دەدات، بەڵام لەشیعردا، بۆ مەبەستی سەروا و خوڵقاندنی ئاوازی ناوەوەی دەقەکەیە.

ئەگەرچاوی چاوی بینین لێکنێی... بسرەوی تۆ
گوێت بەتاریکی ئەم شەوە بئاخنی
کڕنوش بۆ دیواری بەری
بیرکردنەوە لەبەیانی فەرامۆش کەی............ (شێرکۆبێکەس: ٢:١٩٧١: ١٣٩)

هەرچوار دێری ئەم شیعرەی شێرکۆ بێکەس لادانی ڕێزمانی، لە هەردو وەچە ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا تێدایە، بەمجۆرە:
دێری یەکەم، لەیاسای ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە لایداوە، بەوەی کاری پێش بکەر خستوە، لەبری: تۆ بسرەویت - بسرەوی تۆ
لادانی دوەم، کە وەچە ئاستی مۆرفۆلۆژییە، لە هەر چوار دێرەکەدا، لەکارەکانی (لێکنێی، بسرەوی، بئاخنی، بەری، فەرامۆش کەی) هەر پێنجیان مۆرفێمی ڕێزمانی (_یت) جێناوی لکاو، بۆ کەسی دوەمی تاک، بەشێکی کرتینراوە (ت) تەنیا (ی) ماوەتەوە و بەکارهێنراوە، کە ئاوازی هۆنراوەکەی ڕاگرتوە، واتە جیاواز، لە هەڵەی زمانی شاعیر بەمەبەست، بۆ داهێنان ئەمەی کردوە.

بەندی سێیەم: شەوگاڤ دەرونی تاریکە.. چۆن بگەڕێین
بۆ کوێ بڕۆین؟
لەباخی جەرگی سوتاوی ئافرەتانا.........
( شێرکۆبێکەس: سەرچاوەی پێشو: ١٥٢)

وشەی (شەوگاڤ) لەبری (شەوگار) بەکارهاتوە، بەمەش شاعیر لادانی وشەسازی دروستکردوە.

**2- 3: لادان، لەنوسینی ئاسایی**

شیعری کوردی، لە قۆناغەکانی کلاسیک، ڕۆمانتیک، ڕیالیزم، تا سەرەتای حەفتاکان، واتە پێش قۆناغی ڕوانگە، بەگشتی ستونییە و بە دو نیوە دێڕ یەک دێر دروست دەکەن، تەنانەت شێرکۆ بێکەس شێعرەکانی پێش قۆناغی ڕوانگەی بەم جۆرەیە، بەتایبەتی دیوانی کەژاوەی گریان، هاوکات جمال شارباژێری کۆی دیوانی ( ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێر) کە دوای قۆناغی ڕوانگەشە بەم جۆرەیە:

بەدامێن ڕانی جوتە باسکدا

رایەڵ کەم بەنی لاڕی جارجارە
مارەیان بکەم لەیەک چەپکدا
ڕێحانە کێوی و گوڵە جوتیارە
( جمال شارباژێری:١٤:١٩٨٥)

بەڵام شـیعری نـویّ ئەم قـاڵبەی تێکشـکاندوە و شـێوازی نـوێی نوسـینی داهێنـاوە، ئەمەش پەیوەندی، بەو مەبەست و پەیامەوە هەیە، کە شیعرەکە دەیگەیەنێت، چونکە (جوگرافیای دەقی شیعری نویّ، لەسەرەوە دەست پێدەکات بەرەو خوارەوە لەسـەر شێوەیەکی شاقوڵی. مەرجیش نیە، بەیەک شێوە و وێنە بەرەو خوارەوە بکشێت یان بەیەک ئاست و جۆریّ ڕێبکات، ئەشێت لە شوینێکدا نزم بێت، لە شوێنێکدا چاڵ بێت، لە شـوێنێکی تردا قۆقزبێت، لەشـوێنێکدا دەشـت بێـت و لەشـوێنێکی تـردا دۆڵێـک یـان گردێکـی بەدی بکەیـن) ( عەبـدوڵا تـاهیر بەرزنجـی: ١٩٩٤:٣٢)

دیـارە ئەم شێوازە و بەرزونزمـی و هێلکارییە، لە خۆوە نیە و شـاعیر بەئاگـایی و بە وریـایی بەکـاری دێنێـت، کە مەبەسـتی جەختکـردن و پێشـاندان و هێنـانە بەر تیشـکی بابەتێـک یـان مەبەستێکی دیاریکراوی ناو شیعرەکەیە.
وەک:

................
من لەپێش موساوە ئاوارەم
پێش مەسیح من خاچم
پێش قورەیش من زیندەچاڵ و
پێش حسەین من سەربڕاوم!
ئەنفالە
ئەنفالە
ئەنفال
تەماشای خۆڵ بکە ..................
(شێرکۆبێکەس: خاچ  وماروڕۆژمێری شاعیرێک).

شاعیر مەبەستێتی جەخت، لە ڕوداوی (ئەنفال) بکاتەوە، بە دوبارەکردنەوەی وشـەی ئەنفـال و تەنـانەت نیگـارەکەش بەجـۆرێکە، هەر وشـەیەک دیـرێکە، ئەمەش هێزێکـی گەورە دەکەوێـتە سەر وشەکان و لە خوێندنەوەدا ئەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێت، ئەوە دەپێکێت.

نابێت بەهیوای مانی بیت
چاوەڕوانی سوتانی بیت!
بەڵام ئەگەر خوانەخواستە
ئەوکۆڵی دا !!
نارەسەن و ناکەسێکی..
لە کۆڵی دا !!
ئەوباڵ دەچێتە..
ئەستۆی خۆی
نارەوایە..
بەرگری..
..بۆی.
(جمال شارباژێری: ١٩٨٨:ل ٢٤٥)

وەک دەبینین شاعیر جوگرافیای شیعرەکەی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەشێوەیەکی ستونی و بە ئاستی جیاواز دارشتوە، کە مەبەستێتی ئەو پەیامە بگەیەنێت، کەسێک، ئەگەر خۆی نەیەوێت،

بەرگری لێ بکەیت، ئۆباڵی، لە ئەستۆی خۆیەتی، مۆسیقای شیعرەکە، لەگەڵ لادانـی شێوازی نوسینەکەدا، لە کۆتاییدا کۆتایی پەیامەکە دەگەیەنێت.

**2- 4: لادانی واتایی**

دیارترین جۆری لادان، کە ڕوبەرێکی فراوانی شیعری نوێی داگیرکردوە، لادانـی واتـایە، کە (شـکاندنی یاسـاکانی دیـوی نـاوەوەی زمـانن، پەیوەنـدیەکی پتەویـان بەگـۆڕینی مەبەسـت و تێگەیشـتنەوە هەیە، واتـا نەک هەر واتـای سـەردەم دەگـۆڕن، بەڵکـو دەبـنە بـارو ئەرک بـۆ گـوێگریش) (مـحەمەد مەعـرف: ٢٠١٠: ٤١٨) بەم پێیە دەبـین، کێڵگەی واتـایی، لە زمـانی شیعریدا، لە هەمو ئاستەکانی تری زمان زیاتر سودی لێ وەدەگیرێت.
هەمـو کەرەسـتەیەکی زمـانی دو دیـوی هەیە، فۆرم و نـاوەۆک، کە یاسـاکانی ڕێزمـان و واتـا حوکمیان دەکەن، هەر لەم ڕوانگەوە، دروستی واتایی، بە دو مەرج دێتە ئاراوە:
ا_ لێکـدانەکان و کەرەسـتە زمانییەکـان، لەژێـر حـوکمی یاسـاکانی ڕێزمانـدابن و یاسـاکان نەبەزێنرابن، وەک:

١_کە چوو ......
٢_ئەگەر چوو ......
٣_ # کە ئەگەر چوو....

ب_ کاتێک کەرەستە زمانییەکان، لەڕوی لۆژیکەوە، لەباربن، واتە بۆ ئەو بـارە بگـونجێن، کە بۆ هەڵبژێردراون، وەک:
١_ پشیلەکە کۆترەکەی ڕاونا.
٢_ کۆترەکە پشیلەکەی خوارد.
نمونەکان ئەوە دەخەنەرو، هەمو کەرەستەیەکی زمـان، جـا لە هەر فۆرمێکدابێت، دەگونجێت، لەڕوی ڕێزمـانییەوە دروسـتبێت، وەک نمـونەی ژمـارە ١ و بەپێچەوانەشـەوە، وەک نمـونەی ژمارە ٢.
بـۆئەوەی کەرەسـتەیەکی زمـانی نـاوێزەیی واتـایی تێـدا دروسـت نەبێـت، کە بەرهەمـی لادانـی واتاییە، پێویستە کۆت و بەندی واتایی نەبەزێنێت، کە دو جۆرن:
١_ کۆت و بەندی هەڵبژاردن.
٢_ کۆت و بەندی هاوڕێیەتی.
وشـە، لە فەرهەنـگ و بەکارهێنانـدا، خـاوەنی سـیمای واتـایی و کـۆتی هەڵبژاردنـی تـایبەتی خـۆیەتی، بۆنمـونە کـۆتی هەڵبـژاردن نـاوەکییە و لە خـودی واتـای وشـەکانەوەیە، بەڵام کـۆتی هـاوڕێیەتی دەرکییە و لە دەوروبەرەوە دروسـت دەبێـت. ئەم کـۆتی هەڵبـژاردنە، لە دوەمیـان بەهێزترە و کـاریگەری زیـاترە و ئەرکێکـی زیـاتریش دەخـاتە ئەسـتۆی خـوێنەر، تـا لە واتـا و مەبەسـتی شـیعرەکە دەگـات. (بەم جـۆرە هونەرەکـانی وەک خواسـتن، خـوازە، بەکەسـکردن، پـارادۆکس و هـی تـر، بەشێوەیەکی تەقلیدی لە چوارچێوەی جوانکـاری واتـایی و ڕوونبێژیـدا پێڕەو دەکرێن، زۆرتریش لە چوارچێوەی لادانی واتایی). (کۆرش سەفەوی: ٢٠١٨: ٧٥)
بەتایبەتی کار، وەک کەرەستەیەکی بنەڕەتی ڕستە، کە ناتوانرێت لاببریت، مەرج و سیماکانی خۆی، بەسەر (بکەر و بەرکار) دەسەپێنێت، بەم پێیە کار دەبێتە هەڵبژێرەر و کەرەستەکانی تر هەڵبژێراو، هەمو لادان و بەزاندنێکی کۆتی هەڵبـژاردن و پێکدادانی سیما واتاییەکـان، لادانـی واتایی بەرهەمدێنیت، با لەدروستی و نادروستی ئەم شیعرە وردبینەوە، وەک:

...............
لەترساندا، یەکندەردو، گەرماوگەرم
بینەقاقای خەم گرت و

هەرلەجێدا خەوم کوشت و
چومەدەرێ و لاشەکەیم دور فڕێدا!
وتم نەبادا ئەم خەوە
بۆشەوێ فریابکەوێ و
بروا و بچیتە ناو خەوی حەمدانەوە و
بڵێ کەمن ئەوم لەناو
لەناو خەوێکی خۆمدا بینیوە
(شیرکۆبێکەس:گۆڕستانی چراکان:٢٠٠٤:١٢٩)

لادانی واتایی دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی بەرکاری کاری کوشت، لە دێرەکانی ٤،٣،٢ دا، وشەی خەو ئەو مەرجەی تێدانیە، کاری کوشت دەیەوێت، کە سیمای +زیندوە، هەمو بەرکارێکی کاری کوشتن دەبێت سیمای +زیندی هەبێت، بەڵام خەو _زیندوە، لەلایەکی ترەوە بکەری کارەکانی ٩،٨،٧،٦ (فریا بکەوێ، بروا، بچێتە، بڵێ پێویستە +زیندو بێت، بەتایبەتی دەبێت مرۆڤ بێت، چونکە سەرجەمی ئەو کارانە بەگشتی تایبەتی مرۆڤن، بەم جۆرە ناوێزەیی واتایی، لەم شیعرەدا، لە ئەنجامی بەزاندنی کۆت و بەندی هەڵبژاردنەوە دروستبوە.

قژ زەردی کاڵی پەخشان
گەیشتۆتە گەردن و شان
بریقەی ئاوریشمینە!
ئای چەن دلێ ی جوان و شیرینە
نەک هەردەستی پیادەهێنم
بەشانەی پێلوی چاو
دای دەهێنم. (جمال شاربازێری: ١٩٩٨: ل ٢١٠)

لادانی واتایی، ئەم شیعرە ئاوەڵکرداری ئامێری دێڕی شەشەم (بەشانەی پێڵو) بەدڵی کاری دێری حەوتەم (دادەهێنم) نیە، کە ئاوەڵکردارێکی دەوێت:

\+ بەرجەستە
\+ ئامێر

بەڵام ئاوەڵکرداری (شانەی پێڵو) _بەرجەستە و _ئامێرە، بەمجۆرەش ناوەێزەیی واتایی، لە ئەنجامی بەزاندنی کۆتوبەندی هەڵبژاردنەوە دروستبوە.

بەپێچەوانەوەی کۆتوبەندی هەڵبژاردن کۆتوبەندی هاوڕێیەتی کاریگەری کەمترە و بەزۆری ئەوکاتانە دروست دەبێت، کە هاوڕێیەتی کەرەستە زمانییەکان ناگونجێن و لەشوێنی خۆیاندا نایەن، بەجۆرێک ئاشنایەتییان، لەگەڵ یەکدا نیە، وەک:

ماوەیەک وایت، لەناو تاقگەی پێکەنیندا
لە سەمادایت، لە شادییەکی شیریندا
ماوەیەکیش بینی گریان
لەگۆی دەخات زمانی گیان!
( جمال شاربازێری:١٩٩٨:ل٤٣)

نائاشنایی نێوان (تاقگەی پێکەنین) و (بینی گریان) و (زمانی گیان) لە کەشیکی وادا بەکارهاتون، لەگەڵ هاورێ ئاساییەکانی خۆیاندا نەهاتون و ناگونجێن.

من ناوم قەڵەمە و
نوکێکی سەربەستم هەیە
ستوونەکەم کردوە بە بۆینباخێک و
هەمو ڕۆژێ ملی نیشتمانی پێ ئەجەڕێنم.
کردومە بە ئاوێنە و

ئەیبەمە بەردەمی .....
(شێرکۆبێکەس: ٢٠١١: ل١٦٩)

لەم شیعرەی شێرکۆ بێکەسدا نائاشنایی نێوان (نوکی سەبەست) و (ستون و بۆینباخ) و (ستون و ئاوێنە) بەجۆرێک بەکارهاتون، کۆتی هاوڕێیەتییان بەزاندوە و لەگەڵ ئاشناکانی خۆیان بەکارنەهاتون.

**بەزاندنی ئەم کۆت و بەندانە دوجۆر لادانی واتایی دروست دەکات:**

یەکەم: درێژ ڕۆین: ئەم جۆرە، لەبەزاندن، بریتیە، لەگەیاندنی واتا و مەبەست، بەڕێگای پێچاوپیچ و دریژبڕین، کەلەگەڵ بنەمای وزەپارێزی و کورتبڕی وتەنانەت، بنەمای گشتی شیعریشدا نایەتەوە، کە بەگشتی شاعیر چەند کەرەستەیەکی زمانی، لە دێرەکاندا دوبارەدەکاتەوە یان هاوواتاکانییان بەکاردێنێت، کە واتا یان بیرەکە دوبارەدەکەنەوە، بڕوانە ئەم نمونەیە، کە هەندێک، لە وشەکان وێنە یان بیرەکە دوبارەدەکەنەوە، وەک:

بۆیەمن خۆم ئەدەم بەکوشت
ئەمدیمەن و نازدارانەی ناودیمەنە
ڕزگار بکەم
وردودرشت ...
بەئاواز و زەدەخەنە
دڵشاد و بەختیار بکەم ( جمال شارباژێری:١٩٧١:١:٢٣ )

یان:
تۆ درەختی بەر باهۆزی کارەسات و مەرگەسات و
ڕێی نەهات و
هەتا ئازار ڕاینەژەنێت...
هەتا باڵندەی گومان و تەیری ترس و
تا کۆست لەسەری نەخوێنێت
چرۆت نەکرد
دەنگت نەکرد
باڵات نەکرد
(شێرکۆبێکەس: خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێک:١٩٨٨ :٦)

دوەم: پێکدادانی واتایی: لەم جۆرە لادانەدا، سیمای واتایی کەرەستە زمانییەکان، لەگەڵ یەکتریدا، ڕێک ناکەون، پێکدادان، لە چەند پلەیەکی جیاوازدا، لە کەمەوە بۆ زۆر، لە سیمایەکەوە بۆ زیاتر، لە سیمایەک، بەمجۆرە ڕیز دەبن:

١_ پلەی ناتەبایی: ئاستی هەرە لاوازی لادانە و لەو هەڵانەدەچێت، کە لەهەڵبژاردنی وشەی هاوواتادا رودەدەن، وەک:
کاتێ چاوی کاڵی گزنگ
لە پێڵوی کەلدا تروکا
بزەی پرشنگ
کەوتە سەرلێوی دامێنی
لوتکەی چیا
........
........
چاوی ڕوبار، چاوی گزنگ، چاوی سروشت

هەرگەشاوەن، نەونیگای ئاوێنەی گشت
(جمال شارباژێری:٢٣:١٩٧١_٢٦)

٢_پلەی دژایەتی: لەم جۆرەی لادانی واتاییدا، واتاکان بەرانبەری یەکتر دەوەستنەوە، وەک ئەوەی دوەمیان واتای یەکەم بەتاڵ بکاتەوە و لەواتای بخات، چونکە کەرەستە هاونشینییەکان لەگەڵ یەک ناگونجێن، وەک:

..................... زۆرت دی
تۆگوڵی درندە و ئاوی ناپاک و بەردی ناسک و
تۆ غەدری ڕازاوەت زۆر بینی، گوڵدانی ژەهراوی ئینارەی
خوێناوی زۆرت بینی.
(خاچ و ماروڕۆژمێری ساعیرێک:١٩٩٨: ٣٥٤)

لێرەدا، ئاوەڵناوەکان سیماکانییان، لەگەڵ ناوەکاندا دژی یەک دەوەستنەوە و لەڕوی لۆژیکەوە ناگونجێن، بۆ نمونە:

گوڵ _توندوتیژیە بەڵام درندە +توندوتیژیە
ئاو +پاکی بەڵام ناپاک _پاکی
بەرد _ناسکی +ڕەق بەڵام ناسک +ناسکی

بەهەمان شێوە، بۆ گرێکانی غەدری ڕازاوە، گوڵدانی ژەهراوی، ئینارەی خوێناوی، پێکدادانی سیماکان ڕاستن.

٣_ پلەی نەگونجان: بەرزترین پلەی واتا پێکدادانە و واتاکان، لە زیاتر لەسیمایەکدا ناگوجێن و بەریەک دەکەون و لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، وەک:

من مەملەکەتی سیحراوی ناو ئەدەبم
هەڵفڕینی بێکۆتایی ناو خەیاڵم
من خەیاڵم مردوە، تەلیسمێکی لێ ون بوە
(شێرکۆبێکەس: پێاوێ لەدارسێو: ٣٦)

لێرەدا سیمای واتایی مەملکەت بریتیە، لە:
+بەرجەستە
+سنور
+واقیع

بەڵام سیماکانی وشەی سیحر و ئەدەب، سەرجەمیان پێچەوانەی ئەو سیمایانەن، بۆیە لەزیاتر، لە سیمایەکدا جیاوازن، بەم جۆرە پلەی ناتەبایی و لادانی واتایی دروستبوە.
یان:

من ناوم خەونە
خەڵکی وڵاتی ئەفسونم
باوکی شاخە
دایکی تەمە
من لەساڵیکی مانگ کوژراوی، لە مانگێکی هەفتە کوژراو
لە ڕۆژێکی سەعات کوژراوا
دوای شەوێکی ئاوس (تا)
دوای شەوێکی پشت کۆماوەی هەوراز بەکۆڵ
بەرەبەیانێکی زامدار
لە شەفەقێکی کەسکەوە
وەک گزنگێکی خوێناوی کەوتمە خوارێ و.........(شێرکۆبێکەس: خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ: ١٩٩٨: ٩)

لەم شیعرەشدا وشەکان، لە زیاتر لەسیمایەکدا ناتەبان و بەریەک دەکەون، بەمە دەوترێت بەمرۆڤکردن، واتە گواستنەوەی سیماکانی مرۆڤ بۆ نامرۆڤ بۆنمونە:
باوک دەبێت:
+مرۆڤ
+زیندوو
+هەراش
+نێر
بەڵام شاخ:
_مرۆڤ
_زیندو
+بێ لایەن
_هەراش
کەواتە، سیماکان ناگونجین و پێکدادان دروستبوە، بۆ وشەکانی تری وەک بەرەبەیانی زامدار و.....، هەر وایە و لەزیاتر لە سیمایەکدا ناتەبان، بۆیە لەسەرجەمی شیعرەکەدا پلەی ناتەبایی واتا و لادانی واتایی دروستبوە.
ئەنجام
توێژینەوەکە،بەم ئەنجامانەی گەیاندین:
١_پەیرەوکردنی یاساکانی ڕێزمان پێوسیتی زمانی ڕۆژانەیە،بەڵام زمانی شیعری،بەتێکدان وبەزاندنی ئەویاسایانە بەرهەمدێت.
٢_ هەمو ئاخێوەرێک خاوەنی ڕەسەنایەتیە،بەڵام شاعیر خاوەنی ڕەسەنایەتی و داهێنانە،هەربۆیە زمانی شیعری لوتکەیە.
٣_ زمانی شیعری بەپێی قۆناغ دەگۆرێت،زمانی شیعری قۆناغی ڕوانگە،لەشێوازو ناوەرۆکدا،بەئاستی جیاواز لای هەردو شاعیر جۆرەکانی لادانی بەرجەستەکردوەونوێگەری ئەنجامداوە.
٤_ شێرکۆبێکەس،لەسەرەتای قۆناغی ڕوانگەوەتاکۆتایی زمانی شێعری وشێوازی نوێی پەیرەوکردوەوداهێنانی تێداکردوە.
٥_ جمال شارباژێر،جۆرەکانی لادانی پەیرەوکردوەوشێوازی تایبەتی خۆی هەیە،بەڵام زیاتریش لادانی ڕێزمانی،بەراورد،بەوانی تر زاڵترە.

## References


-Abdul-sallam Najmaddin Abdullah, 2007, "Linguistic Analysis of Poetic Text", M.A thesis, Salahaddin University-Erbil.

-Aram Sdiq, 2017, *Language and Poetry* (zman u Shiryat), first edition, Andesha Print house, Slemani.

-Aristotle, 2004, *The Art of Poetry*, translated Aziz Gardi, Ranj press, Slemani. 4. Jamal Sharbazhery, 1985, Sharbazher one thousand Grains Necklace (Mlwankey hazar dankay Sharbazher), Kurdistan Region.

-Bekas, Sherko. 1998, *Crosses, Snakes, and a Poet's Calendar* (Khach u Mar u Rozhmery Shaire), Second edition, Slemani.

-----------. 2004, The Graveyard of Lamps (Gorstany Chrakan), Sardam Print House, Slemani.

------------. 2009, Poetry Divan, Vol 1, Sweden.

------------. 2009, Poetry Divan, Vol 2, Sweden.

------------. 2011, Now, a Girl is my Homeland (Esta Kchek Nishtmanma), Sardam Print House, Slemani.

------------. 2012, A Hours of the Flower's Page (Aspek la Paray Gulala), Sardam Print House, Slemani.

-------------. A Man from Apple Tree (pyawek le darsew).

-Jamal Sharbazhery, 1998, (*Zhwanga u Zhan*), first edition.

-Kirsten Malmkjær, *The Linguistics Encyclopedia*, Routledge, London & New York, 1995.

-Korsh Safawi, 2018, *From Language to Literature*, Translated Osman Dashti, first edition, Koya University.

-Muhemed Maruf Fatah, 2010, *Linguistic Researches* (Lekolinawa Zmanawanyakan), first edition, Rojhalat, Hawler.

-Nofal, Khalil Hassan. "Syntactic aspects of poetry: A pragmatic perspective." *The Buckingham Journal of Language and Linguistics* 4, 2011.

-*Rwanga Jornal*, 2011, No 1-3, Sardam Print House, Slemani.

-Safya Muhemed and Hero Abdulrahman, 2019, *The Principles of Poetry in Dldar Poets. Language* (Bnamakany Shiryat, la Shiry Dldar)

-Emily Kimura, 2015: